# ڕۆژی جیهانیی ئامار

لە کۆتایی ساڵی 2008دا بەشی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە وڵات و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان کرد دید و پێشنیارەکانیان ڕەوانە بکەن لەسەر یادکردنەوەی ڕۆژی ئاماری جیهانیی. مانگی شەشی ئەم ساڵ ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان 10/20ی وەک ڕۆژی ئاماری جیهانی دەستنیشان کرد.

ئەم ساڵ بۆ یەکەم جار لە زیاتر لە 100 وڵات و لەلایەن زیاتر لە 40 ڕێکخراوی تایبەتمەندی نێودەوڵەتییەوە ڕۆژی ئاماری جیهانیی بەرز رادەگیرێت. ئامانجی سەرەکیی دیاریکردنی ئەم ڕۆژە، ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی هەموو وڵاتانی جیهانە بۆ گرنگیی ئەو ڕۆڵەی کارمەندانی ئامار دەیگێڕن و ئەو بەشدارییە گرنگەی ئەنجامی ئامارەکان پێشکەشی کۆمەڵگەکانی دەکەن.

جێگەی سەرنجە کە تەنها ئەم ساڵ نزیکەی 3 ملیار کەس لە 60 وڵاتی جیهان سەرژمێر دەکرێن. ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕۆڵی گرنگی ئامار لە ژیانی گەلاندا. بڕیارە لە عێراقیش پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی ئەنجام بدرێت، بەڵام جێگەی داخە کە عەقڵیەتی تاکڕەوی و هەوڵدان بۆ

سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی کورد لای بەشێکی بەرچاوی دەسەڵاتدارانی بەغداد باڵادەستە.

## ئامادەبووانی بەڕێز

ئامار بەتەنها کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و ژمارە نییە، بەڵکو لەمانە گرنگتر بەکارهێنانی ئەم داتا و زانیارییانەیە بۆ چەند ئامانجێکی گرنگی وەک:

یەکەم، زیادکردنی متمانەی نێوان خەڵک و حکومەت، چونکە ئامارەکان تیشک دەخەنە سەر راستییەکان و رێگە لەوانەش دەگرن کە هەوڵی شێواندنییان دەدەن. ئامارەکان ئاستی بەرپرسیارێتی و ئەستۆپاکیی کارمەندانی حکومەت بەرزدەکەنەوە و یارمەتی حکومەت دەدەن لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا. بەواتایەکی دیکە ئامارەکان گەشە بە پرۆسەی دیمۆکراسی دەدەن.

دووەم، ئامارە جیاوازەکان یارمەتیدەرن لە دەرخستنی قەبارەی راستەقینەی کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.

سێیەم، هیچ پرۆسەیەکی پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە سەرکەوتوو نابێت ئەگەر پشت ئەستور نەبێت بە ئاماری ورد و دروست.

بێگومان دەتوانین چەندین ئامانجی دیکەی کۆکردنەوەی ئامار دیاری بکەین، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان کەلێنمان هەبووە لە ئامارەکاندا، یان ئەنجام نەدراون یان زۆربەی کات ناتەواو بوون. بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا وەزارەتی پلاندانان مەسەلەی ئاماری کردۆتە یەکێک لە کارە لە پێشینەکانی. ئێمە لە وەزارەت لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ پێشخستن و مۆدێرنیزە کردنی ئەم بوارە و گەیاندنی بە ئاستی ستانداردە جیهانییەکانی ئامار.

بۆ ئەم مەبەستە دەستەی ئاماری هەرێم و فەرمانگەکانی ئاماری پارێزگاکانی سەربە وەزارەتی پلاندانان بەهاوکاریی چەند رێکخراوێکی تایبەتمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان، کاردەکەن بۆ ئەنجامدانی ئاماری رۆژانە، مانگانە، وەرزی و ساڵانە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردستاندا. وەزارەتی پلاندانانیش لەلای خۆیەوە سەرەڕای ئەوەی هەوڵی پاراستنی بێلایەنی روپێوو و چالاکییە ئامارییەکان دەدات، بەردەوامە لە پێشکەشکردنی هاوکاریی جۆراوجۆ بە دامودەزگا بەرپرسەکان لە ئامار.

بەڵام ئەمە تەنها سەرەتای پرۆسەکەیە. بێگومان کۆکردنەوەی داتا گرنگە و لەم رووەوە هەنگاوی باشمان ناوە. داتاکان سوودیان نابێت ئەگەر راڤە و شیکاری زانستییان بۆ نەکرێت. لێرەدایە کە ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان چاومان پڕیوەتە دامەزراوە زانستییەکان و زانکۆکان، بۆئەوەی ئەم کارە زانستییە ورد و سەختە لە ئەستۆ بگرن. ئومێدمان زۆرە کە نەوە دوای نەوەی دەرچوانی کۆلیجە تایبەتمەندەکانی زانستی ئامار پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا توندوتۆڵتر بکەن و پرۆسەی شیکاری داتاکان بەشێوەیەکی زانستیی و بێلایەن ئەنجام بدەن. بەم بەشدارییە گرنگەتان تەنها رۆڵی یەکلاکەرەوەی خۆتان دەرناخەن، بەڵکو خزمەتێکی گرنگ بە کۆمەڵگا و نەتەوەکەتان دەکەن.

وەک دەزانن ئێمە لە قۆناغێکی سیاسی هەستیاردایین، لەگەڵ کەسانێکدا رووبەڕووین کە ڕوایان بە بنەما زانستییەکانی ئامار نییە، ڕوایان بە ستاندارد و عورفە نێودەوڵەتییەکانی ئامار نییە، لە هەموو ئەمانەش سامناکتر ڕێزی یاساکانی ئەو وڵاتە ناگرن کە حوکمڕانی تێدا دەکەن.

**بەڕێزان**

وەک ئاگادارن وەزیری پلاندانانی حکومەتی عێراق لە چوار ساڵی رابردودا هۆکاری بەردەوامی دواخستنی

سەرمێژێریی گشتیی دانیشتوان بووە لە عێراق، کە یەکێکە لە گرنگترین جۆرەکانی ئامار و هەموو وڵاتێک پشت بە سەرژمێریی گشتی دەبەستێت بۆ پلاندانان بۆ ئایندەی وڵات. وەزیری پلاندانانی عێراق تاڕادەیەکی زۆر تاکڕەوانە هەوڵ دەدات ئامار وەک چەکێکی سیاسیی بەکاربهێنێت و هەرجارە و لەژێر ناونیشانێکدا دژایەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەکات. مەرجی ئێمە بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی تەنها پابەندبوونە بە دەستور و یاساکانی پەرلەمانی عێراقەوە. مافی سروشتی و دەستوری خۆمانە رێگە نەدەین مافە نەتەوایەتییەکانمان پێشێل بکرێت.

بێگومان ئێمە بەم جۆرە هەوڵانە نامۆ نین. بە درێژایی مێژووی سەرژمێرییەکان لە عێراق هەوڵی بەردەوام دراوە بۆ بەکارهێنانی سەرژمێرییەکان بۆ ئامانجی سیاسی و زۆرجاریش ئامارەکان بەکارهاتوون بۆ کردنە ئامانجی خەڵکی کوردستان.

بەباشی دەزانم ئاماژە بدەم بەوەی کە ئێوە وەک نەوەی داهاتوو و تایبەتمەند لەبوارەکانی ئاماردا، وەک گەنجی هۆشیاری ئەم هەرێمە، پێویستە هەوڵ بدەن خۆتان

بارگاوی بکەن بە دواین پێشکەوتنەکانی بواری ئامار لە جیهاندا و ئاسۆی روانین و بیرکردنەوەتان فراوانتر بکەن، چونکە پرۆسەی کرانەوەی ئابوری و باش حوکمڕانی لە هەرێمی کورستان پێویستی بە ئاماری ورد هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. سەرەتا وتم کە ئامار تەنها کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و ژمارە نییە، ئێستاش دەخوازم ئەوە زیادبکەم کە ئامار تەنها زانستێک نییە بۆ خوێندن لەناو هۆڵەکانی زانکۆدا، بەڵکو زانستێکی زیندووە کە پێویستە بخرێتە خزمەتی سوودی گشتییەوە.

لەکۆتاییدا گەرمترین پیرۆزبایی ئەم رۆژە گرنگە لە هەموو لایەک دەکەم، بەتایبەتی لەو خوشک و برایانەی کە وەک سەربازی ون کاری نەپساوە دەکەن بۆ ئەنجامدانی هەموو جۆرەکانی ئامار. هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتن بۆ قوتابی و مامۆستایانی زانکۆ دەخوازم.

دووبارە رۆژی جیهانی ئامار لە هەمووان پیرۆز بێت.

زۆر سوساس بۆ ئامادەبوونتان و بۆ گوێگرتنتان.